# ماڵی شیعی لە بەردەم هەڵبژاردن و بارگۆڕانە هەرێمایەتییەکاندا

**د. یاسین تەها**، پسپۆڕ لە مێژووی ئایینزا ئیسلامییەکان و شارەزا لە کاروباری عێراق

**دەسپێك**

بڕیارە لە 11ی تشرینی دووەم/ نۆڤەمبەری 2025، هەڵبژاردنی گشتی لە عێراق بەڕێوە بچێت؛ ئەم وێستگە گرنگەیش کە هۆکارێکە بۆ داڕشتنەوەی هاوکێشەی سیاسی، لە کاتێکدایە کە تارماییی دانوستانەکانی ئەمریکا و ئێران و هەڕەشەکانی ئیسرائیل لە لایەك، مشتومڕی چۆنێتیی مامەڵەکردن لەگەڵ سووریای نوێش لە لاکەی دی؛ باڵی بەسەر عێراقدا کێشاوە. ئەم شرۆڤەیە هەوڵ دەدات لە گۆشەنیگای ماڵی شیعەوە لەبارەی هەڵبژاردن و بارگۆڕانە هەرێمایەتییەکان هەندێك پێدراو و گریمانە بخاتە ڕوو؛ ئەوەیش لێکەوتەی لەسەر هەردوو گۆڕەپانەکەی دیکە هەیە: کورد و پارێزگا سوننەکان.

**یەکەم: بارودۆخە نێوخۆییەکانی شیعەی عێراق**

هەموو هەڵبژاردنەکان لە عێراقدا تا ڕاددەیەکی زۆر هەستیار و جومگەیین؛ بەو پێیەی هۆکارێکن بۆ داڕشتنەوەی نەخشەی سیاسی لەنێو جەنجاڵی و فرەییی جەمسەرەکانی هێزدا. بەڵام دەشێت هەڵبژاردنی چاوەڕوانکراوی 11/11/2025، کە بە سیستەمی ڕێژەییی تاکەکەسی بەڕێوە دەچێت و، لە پرۆسەکەدا 28 ملیۆن دەنگدەر لە کۆی 46 ملیۆن دانیشتووان، 329 پەرلەمانتار هەڵدەبژێرن، هەندێك لە هەڵبژاردنەکانی دیکەی پێش خۆی جیاوازتر و تایبەتمەندتر بێت، چونکە لەگەڵ کۆمەڵێك دۆخدا یەکانگیرە؛ گرنگترینیشیان ئەمانەن:

**1 _ بایکۆتی سەدر:**

تا ئێستا بڕیاری کۆتاییی سەدر و ڕەوتەکەی، بایکۆتکردنی هەڵبژاردنە؛ پاساوەکەیش بەشدارینەکردنە لەگەڵ "خەڵکانی گەندەڵ "[1]. نەك هەر ئەوە بەڵکوو سەدرییەکان بەنیازن کاری جددی بۆ زیاترکردنی ڕێژەی بایکۆت بکەن؛ ئەمەیش لە ڕێگەی وەرگرتنەوەی کارتی بایۆمەتری و پاشان بایکۆتکردنی پرۆسەکە بۆ ئەوەی بەشدارینەکردنەکە هەژمار بکرێت[2].

ئەم دوو هەنگاوەی سەدریش، لە لایەك دەبێتە لاسەنگبوونی تەرازووی هێز لەنێو شیعە و لاوازبوونی شەرعییەتی نوێنەرەکانیان، لە لایەکی دی، مەترسی لەسەر ڕێژەی بەشداریکردن دروست دەکات، بەتایبەت ڕێژەکە خۆی هەر لە بنەڕەتدا سست و لاوازە؛ بۆ نموونە لە کۆتا هەڵبژاردنی گشتیی پێشوودا (2021)، بەفەرمی ڕێژەی بەشداریکردن 41% بووە بۆ ئەوانەی تۆماری خۆیان نوێ کردووەتەوە؛ ئەمەیش دەکاتە بایکۆتکردنی 59%[3]ی دەنگدەران. ئەگەر ڕێژەی ئەو هاووڵاتیانەیش ئەژمار بکرێت کە مافی دەنگدانیان هەیە، ئەوە بەپێی خەمڵاندنەکان ڕێژەی بەشداریکردنی گشتی کەمترە لە 30%؛ ئەمەیش دەکاتە 70%

بایکۆت و بەشدارینەکردن[4]. بەهۆی ئەوەیشی سەدرییەکان گرووپێك دەنگدەری گەورە و عەقیدەیی و چالاکن، مەترسیی ئەوە هەیە بەهۆی بایکۆتکردنی ئەوانەوە ڕێژەی بەشداریکردن زۆر زیاتر لە جاران دابەزێت؛ ئەمەیش بە واتای ئەوە دێت نوێنەرایەتیی داهاتوو گوزارشتێکی ڕاستەقینە نابێت لە شەقامی شیعی، هاوشێوەی ئەم خولەی ئێستا کە پاش هەڵبژاردن کشانەوە[5]. هەروەها ئەگەر بەشداریکردنی جەماوەری لە هەڵبژاردندا کەم بێت و ڕێژەی بایکۆت بەرز بێتەوە، ئەوە ئەگەری هەیە لیستە براوەکان، کە زۆر و پەرتەوازەن، نەتوانن هاوپەیمانییەکی یەکگرتوو پێک بهێنن. ئەمەیش لە هەندێك سیناریۆی گریمانکراودا، عێراق دەگێڕێتەوە بۆ ئەو چەقبەستنە سیاسییەی کە بۆ ماوەی زیاتر لە ساڵێک دوای هەڵبژاردنەکانی 2021 ڕێگریی لە پێکهێنانی حکوومەت کرد.

لە سایەی ئەم سیناریۆ گریمانکراوەیشدا دامەزراوەکانی دەوڵەت لاواز دەبن و ئەگەری دەستوەردانی دەرەکی زیاتر دەبێت؛ هەروەها ئەگەری پشێویی ئەمنی یان ناڕەزایەتیی جەماوەرییش زیاتر دەبێت، بەتایبەت لەلایەن ئەوانەی لە پرۆسەکە بەشدار نەبوون[6]. سەبارەت بە بایکۆتی سەدریش ڕاستە لە بەرژەوەندیی هەندێك لە هێزە شیعەکانە و کورسییەکانیان زیاتر دەبێت و، بەهۆی ئەم بڕیارەیشەوە دەشێت زۆرترین کورسیی شیعەکان بچننەوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی سەدر خۆی وەك بەدیل و جێگرەوەی سیستەمی سیاسی دەبینێت و کار بۆ ئەوە دەکات لە ڕێگەی دوورکەوتنەوەوە پێگە جەماوەرییەکەی هەڵکشێت، ئەوە مایەی نیگەرانییە بۆ ڕکابەرە شیعەکانی کە بەهۆی بەشدارییان لە دەسەڵاتدا متمانەی جەماوەرییان لاوازترە؛ ئەمە جگە لەوەی سەدر لە کاتێکدا هێزە شیعەکان بەتەنیا جێ دەهێڵێت، کە ئەوان دەربارەی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەمریکا و سووریای نوێ، دەبێت بچنە ژێرباری بەرپرسیارێتیی هەندێك بڕیار کە دەشێت بەئازار بێت بۆ جەماوەری شیعە و بەدڵیان نەبێت، یان دواتر سەدر بیقۆزێتەوە بۆ سەرکۆنەکردن و ڕەخنەلێگرتنیان.

## 2_ لیستەکەی سوودانی و خۆپاڵاوتنی:

سەرۆکوەزیرانی ئێستا "محەمەد شیاع سوودانی" لە "دیداری سلێمانی"یەوە بەفەرمی ئەوەی یەکلایی کردەوە کە لە هەڵبژاردندا بەشداری دەکات و خۆیشی بۆ پۆستەکەی کاندید دەکاتەوە[7]. ئەم پێشهاتە کۆتاییی بە مشتومڕێکی نێوخۆییی شیعیی درێژخایەن هێنا لەبارەی ڕەوایەتیی کەڵکوەرگرتنی ناوبراو لە پۆست و پێگەکەی بۆ هەڵبژاردن، هەروەها هەوڵی ڕێگەلێگرتنی لەلایەن هەندێك هێزی ڕکابەرەوە لەناو برد، لەوانەیش نووری مالیکی سەرۆکوەزیرانی پێشووتر، کە جەختی لەوە دەکردەوە ئەگەر سوودانی نیازی خۆپاڵاوتنی هەیە، دەبێت دەست لەکار بکێشێتەوە، بۆ ئەوەی وەك پارێزگارەکان پۆستەکەی بۆ کۆکردنەوەی دەنگ بەکار نەهێنێت[8].

خۆپاڵاوتنی سوودانی لە کاتێکدا کە بوودجە، دەسەڵات، بڕیار و میدیای لەبەردەستە، دەشێت گۆڕانکاری لە هاوکێشەی نێوخۆییی شیعەدا دروست بکات و، سیناریۆی پارێزگارەکانی بەسرە و کەربەلا و واست لە دوا هەڵبژاردن، دووبارە بکاتەوە. ئەم سێ پارێزگارە بەهۆی پۆستەکانیانەوە لە کۆتاییی 2023 پێشڕەویی زۆریان لە هەڵبژاردنی پارێزگاکاندا کرد و لیستەکانیان یەکەمی ئاستی بازنەکانی خۆیان بوون. هەروەها ئەگەرێکی کراوەیش هەیە "سوودانی" جگە لە کۆمەڵێك پەرلەمانتار و وردە هێزی سیاسی و مەدەنی، لەگەڵ پارێزگارە براوەکاندا هاوپەیمانێتی بکات (سێ بەهێزەکە). ئەوەیشی ئەم ئەگەر زیاتر دەکات، دەرکەوتنی سوودانی و پارێزگارەکانی نسەیف خەتابی (کەربەلا)، ئەسعەد عیدانی (بەسرە)، جەمیل مەیاحی (واست)

بوو پێکەوە لە فۆتۆیەکدا (ئابی 2024)؛ ئەمەیش بە ئامادەکاریی ئەو هاوپەیمانییەی سەرۆکوەزیران لێك دراپەوە کە کاری بۆ دەکات و مایەی نیگەرانیی هێزە شیعە ڕکابەرەکانە، چونکە کۆی کورسییەکانی ئەو سێ پارێزگایە، بە نموونە لە ئەنجومەنی نوێنەران، نزیکەی 50 کورسییە؛ ئەم پارێزگارانەیش نیوەی دەنگەکانیان بەدەست هێناوە[9]. کورسییەکانیش ژمارەیەکی گەورەن لە کۆی کورسییەکانی پارێزگا شیعەنشینەکان کە دەوروبەری 180 کورسین. چوارچێوەی شیعی لە بەدواداچوونێکدا بۆی دەرکەوتووە، سوودانی خۆی بەتەنیا چانسی هەیە 10 کورسی ببات؛ لەگەڵ هێزە هاوپەیمانەکانیشی دەشێت بگاتە 60 کورسی، کە دەکاتە سێیەك (1/3)ی کورسییەکانی شیعە[10].

جگە لە پارێزگارە بەهێزە براوەکانی شیعە، ئەو هێزانەیشی تا ئێستا لە سوودانییەوە نزیکن، بەپێی ئاماژە و دزەپێکردنەکان بریتین لە: ڕەوتی حیکمەی حەکیم، حەیدەر عەبادی، فالح فەیازی سەرۆکی دەستەی حەشدی شەعبی، ئەحمەد ئەلئەسەدی وەزیری کار، ئەمە جگە لە ڕێکخراو و هێزی دیکەی تازە دامەزراو[11]. هەندێك هەواڵ و دزەپێکردنیش هادی عامری و ڕێکخراوی بەدر لە ڕیزی هاوپەیمانەکانی داهاتووی سوودانیدا ئەژمار دەکەن و هەندێك ئاماژە لەو بارەیەوە هەن.

### 3_ پەرتەوازەبوونی لیستە شیعەکان:

_ لە هەڵبژاردنی داهاتوودا، چوارچێوەی شیعی دابەش دەبن بەسەر 5_6 لیستی جیاجیای سەربەخۆدا و بە یەك لیست بەشدار نابن. لەم بەینەیشدا لە دەرەوەی لیستەکەی سوودانی، ئەوانەی سەرقاڵی کاری پێکەوەیین، حەیدەر عەبادی و عەممار حەکیمن؛ قەیس خەزعەلی و حزبەکەی (بزووتنەوەی عەسائیب) بەتەنیا بەشدار دەبن، دەوڵەتی یاسای مالیکی بەتەنیایە، هێزە چەکدارەکانی شیعەیش لەنێو حەشد جەمسەرێکن و نزیك لە هێزە سیاسییەکانی هاوشێوەی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی و، دەشێت ئەوانیش یەك یان دوو هاوپەیمانی پێك بهێنن[12].

هەرچەندە پەرتەوازەبوونی هێزە شیعەکان لە هەڵبژاردندا، بە ئەگەری زۆر، کاتییە و پاش هەڵبژاردن بەنیازن هاوپەیمانی هاوشێوەی "چوارچێوەی شیعی" پێك بهێنن، بەڵام دابەشبوونەکەیان بۆ هەڵبژاردن لە کاتێکی هەستیاردایە کە شیعەکان ڕووبەڕووی پێشهاتە هەرێمایەتییەکان بوونەتەوە و بارودۆخیان بۆ ململانێ و کێبڕکێی نێوخۆیی هەڵبژاردن، ساز و ئامادە نییە.

### 4_ بەشداریکردنی گرووپە چەکدارەکان:

_ هێزە چەکدارە شیعەکانی ئەندام لە "بەرەی موقاوەمە" لە شێوەی "کەتیبەکانی حزبوڵڵا"، بانگەشە بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردن و "جیهادی سیاسەت" دەکەن[13]. ئەمەیش وەك بەرەنجامی تێکشکانە سەربازییەکانی میحوەرە ئێرانییەکە لێك دەدرێتەوە؛ هەروەها ئاماژەیەکیشە لەسەر پاڵپاڵێنی باڵە چەکدارەکانی هاوپەیمان و تەواوکەری ئێران لەسەر بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی 2025.

### 5_ پاشەکشەی گوتاری سیاسی

_ لە پاش ڕووخانی ئەسەد و سەرکەوتنی گرووپە چەکدارە سوننەکان، لە هەموو کات زیاتر لە عێراق دروشمی پێکهێنانی هەرێمی سوننە بەرز دەکرێتەوە؛ خاوەنەکانی ئەم دروشمانەیش چاویان لە

دووبارەکردنەوەی ئەزموونی سووریایە. ئەمەیش سەرچاوەی بێزاری و تووڕەییە بۆ شیعەکان و لە پەرچەکرداری ئەمەیشدا هەندێك لە هێزە شیعەکان باس لە "دەوڵەتی شیعە" و دروشمی "نەوتی شیعە بۆ شیعە"، دەکەن[14]. ئەم گوتارەیش سەرەڕای ئەوەی گەڕانەوەیە بۆ کەشی تائیفی، ئاماژەیەکیشە بۆ لاوازیی دۆخی سیاسیی شیعە، چونکە لە گوتاری یەکپارچەییی عێراق و پاراستنی یەکێتیی خاکەکەیەوە، دابەزیون بۆ گوتاری دابەشکردن و قبووڵکردنی "شیعستان"، کە بەشێکی بچووکترە لە عێراق و ناوچە سوننەکان و، هەرێمی کوردستانی لەسەر نابێت و زیاتریش لە 9 پارێزگای شیعی پێك دێت.

**دووەم: بارودۆخە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەکان:**

**1 _ دانوستانەکانی ئێران و ئەمریکا:**

دەستپێکردنی دانوستانی ڕاستەوخۆی ئەمریکا و ئێران، پرسیارێکی گەورەی بە دوای خۆیدا هێناوە، ئەویش چارەنووسی هێزە شیعەکانی تەواوکەری ئێرانە لە عێراق لەو دانوستانانە و، پاش کۆتاییهاتنیشی. بۆچوونێك هەیە پێی وایە عێراق، بەتایبەت هێزە شیعەکان و لەوانەیش حەشدی شەعبی، لە لێکەوتە و کاریگەرییەکانی دانوستانی ئەمریکا و ئێران بەدەر نابن. ئەم بۆچوونە ئەوە دەکاتە بەڵگە، کە لەوەتەی ترەمپ گەڕاوەتەوە بۆ کۆشکی سپی، لە هەموو ئاماژەکاندا لە چوارچێوەی پاکێجی ئێراندا مامەڵەی لەگەڵ عێراقدا کردووە؛ ئەمە جگە لەوەی نوێنەرەکانی ترەمپ بۆ ناوچەکە بەردەوام جەخت لەوە دەکەنەوە، چی دیکە زەمینە بۆ هێزە ئێرانییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لەبار نییە، کە وەك جاران دەرفەتی جموجۆڵ و کارکردنی ئازادیان هەبێت[15].

هەر لەم نێوەیشدا دەگوترێت: ئەوەی ئێستا لە نێوان ئەمریکا و ئێراندا ڕوو دەدات، تەنیا گفتوگۆی تایبەت بە دۆسیەی ئەتۆم نییە، بەڵکوو بەشێکە لە پلانێکی گشتگیر بۆ دووبارە دیزاینکردنەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە لە غەززە دەست پێ دەکات و، درێژ دەبێتەوە بۆ لوبنان، سووریا، عێراق و یەمەن[16]. لەم ئەگەرەیشدا شیعەی عێراق، بەتایبەت چەکدارەکانیان، بەر ئەو داڕشتنەوە گریمانکراوەی ئەمریکا و ئیسرائیل دەکەون. بەرامبەر بەمەیش هەندێك زانیاری باس لەوە دەکەن ئێران لە دانوستانەکاندا باڵە سەربازییەکانی لە ناوچەکە، کردووە بە کارت بۆ سووککردنی بارگرانییەکانی سەر تاران و گەیشتن بە لێکگەیشتنێکی گشتگیر لەبارەی بەرنامە ئەتۆمییەکەی و هەڵمژینی گوشارەکانی ترەمپ لەسەری؛ی یەکێك لەو کارتانەش ڕێکخستنەوەی دۆخی حەشدی شەعبیی عێراقی و باڵە سەربازییەکانی دیکەیە[17]. ئەگەر ئەمانەیش ورد و دروست نەبن و زیاتر جەنگی دەروونی بن لەگەڵ هێزە شیعەکان، ئەوە ڕاستییەکی دیکە هەیە کە گۆڕانە جیۆسیاسییەکانی ناوچەکە لە باڵادەستبوونی ئیسرائیل، کەوتنی ئەسەد لە دیمەشق، دۆخی دژواری حزبوڵڵای لوبنان و تێکشکانی بەرامبەر ئیسرائیل، هێرشی ئەمریکا بۆ سەر حووسییەکانی یەمەن و لاوازبوونی پشتێنەی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، شیعەی عێراقی خستووەتە دۆخێکی هەستیار و ئەگەری بەئامانجگرتنەوە، بەتایبەت کە بەشێك لە گرووپە عێراقییەکان فەرمان لە ئێرانەوە وەردەگرن و هەندێکیان لەلایەن ئەمریکاوە سزایان لەسەرە و لە لیستی تیرۆردان، لەوانەیش: "حزبوڵڵا"، "بزووتنەوەی نوجەبا"، "بزووتنەوەی عەسائیب". لە کۆتاییی ساڵی پاریشدا (2024) ئیسرائیل بەفەرمی لە نامەیەکدا بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان ئەم گرووپە شیعانەی تۆمەتبار کردووە بە تێوەگلان لە جەنگی دژەئیسرائیل و، حکوومەتی ڕاستەوی ئەو وڵاتەیش لە سکاڵانامەکەیدا مافی کاردانەوەی بە خۆی داوە بەرامبەریان[18]. ئەمەیش بە واتای بەردەوامیی مەترسییەکان دێت، بەتایبەت ئەگەر دانوستانەکان شکست بهێنن.

بەرەنگاربوونەوەی مەترسییە ئەمنییەکانی سەر عێراق، بە پلەی یەکەم پرسێکی نێوخۆیی شیعییە؛ بەو پێیەی بەوان و هێز و باڵە چەکدارەکانیانەوە پەیوەستە. بەتایبەت لە ئەگەری شکستهێنانی ئەو دانوستانانەدا، دەشێت لێکەوتەی خراپ لەسەر عێراق هەبێت، چونکە لە هێرشی ئەمریکی و ئیسرائیلیی گریمانکراودا بۆ سەر ئێران، ناتوانرێت گەرەنتیی دوورخستنەوە و پاراستنی عێراق بکرێت. هەموو ئەم دڵەخورتێ و ئەگەرانەیش لە کاتێکدایە کە شەقامی شیعی سەرقاڵی کێبرکێکانی هەڵبژاردنن و بۆ بیرکردنەوە و خۆکۆکردنەوەی دۆخێکی هاوشێوە بەباشی ساز و ئامادە نین.

**2_ تارماییی سووریا لەسەر شیعەی عێراق**

جگە لە هەڵبژاردن و چۆنێتیی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەمریکا، تەوەرەیەکی دیکەی ناکۆکیی نێوماڵی شیعی، چۆنێتیی مامەڵەکردنە لەگەڵ سووریای نوێ. سەرجەم هێزە شیعەکان_ جگە لە سەدر_ دردۆنگ و نیگەران بوون لە سەرکەوتنی "دەستەی تەحریری شام" لە سووریا؛ بەو پێیەی ئەم هێزە، دوژمنی جۆریی هێزە سیاسییە شیعەکانە. جگە لە پاڵپشتییە تورکییەکەیشی لقێکە لە "سەلەفییەتی جیهادی" کە دژی بیروباوەڕی شیعەن، کەچی سەرۆکوەزیران کە نوێنەرایەتیی  چوارچێوەی شیعی دەکات، بە نێوانگریی قەتەر و بەنهێنی لە دۆحە لەگەڵ ئەحمەد شەرع، سەرۆکی ڕاگوزەری سووریا و "ئەبو محەمەد جۆلانی" دیداری هەبووە[19]. هەروەها سوودانی لە سلێمانییەوە جەختی کردەوە: ئەحمەد شەرع بۆ لووتکەی عەرەبیی بەغدا لە مانگی ئایاردا بانگهێشت کراوە[20]، بەڵام لەنێو شەقامی سیاسیی شیعیدا ئەگەری هاتنی شەرع بۆ عێراق، بووەتە هەوێنی دابەشبوونێکی قووڵی نێوخۆیی و، بووەتە بەشێك لە هەڵمەتە پێشوەختەکانی هەڵبژاردن و هەوڵی قۆڵبادانی یەکتری.

دەوڵەتی یاسای مالیکی، حزبی دەعوە، قەیس خەزعەلی و عەسائیب، لەگەڵ کۆمەڵێك پەرلەمانتاری دیکەی ناسراوی شیعە، کەمپینێك بەڕێوە دەبەن بۆ بەرگرتن لە هاتنی ئەحمەد شەرع بۆ بەغدا، بە پاساوی ئەوەی ئەو کاتەی لە ڕیزی گرووپە جیهادییە سوننەکاندا بووە لە عێراق (2004_2011)، "لە کوشتنی عێراقییەکان تێوە گلاوە"، هەروەها "لەلایەن سیستەمی دادوەریی عێراقییەوە داوا کراوە" و لەسەر ئەمەیش فەرمانی دەستگیرکردنی هەیە[21]. کەمپینەکەیش بە واژۆی 50 پەرلەمانتار بۆ ڕێگەگرتن لە هاتنی ناوبراو بەڕێوە دەچێت. بەرامبەر بەوانەیش هێزی دیکەی شیعە هەن، پێیان وایە بانگهێشتکردنی شەرع، لەگەڵ بەرژەوەندییە باڵاکانی عێراقدا تەبایە و دەوڵەتداری ئەوە دەخوازێت[22].

لە دەرەوەی ململانێ نێوخۆییەکانی ماڵی شیعی و هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن، دەشێت مشتومڕ لەسەر هاتنی شەرع ڕەهەندێکی هەرێمایەتییشی هەبێت؛ بەو پێیەی ناوبراو لەلایەن تورکیا و وڵاتانی کەنداوەوە پشتیوانیی تەواوی هەیە. لە بەرامبەریشدا هیچ جۆرە پەیوەندی و کۆنتاکتێکی لەگەڵ ئێراندا نییە. لەو چەند مانگەیشی شەرع لە کۆشکی سەرۆکایەتیی سووریایە، پەیوەندییەکانی دیمەشق و تاران بەتەواوی بچڕاون، لە کاتێکدا پێشتر ئێران یەکێك لە یاریکەرە سەرەکییەکانی سووریا بوو. ئەو هێزە عێراقییە شیعانەی بەرژەوەندییان لە کرانەوەی عەرەبی هەیە و ئەو سوننانەیشی پشتیوانیی تورکیایان هەیە، لەگەڵ هاتنی ئەحمەد شەرعدان بۆ بەغدا، یان بە کێشەی نابینن و پێشوازی لە بیرۆکەی هاتنی دەکەن یان بێدەنگن. لە بەرامبەریشدا ئەو هێزانەی کە لە بەرەی ئێرانن یان ڕکابەری سوودانین، گوشار دەکەن بۆ ئەوەی شەرع نەیەتە بەغدا و سوودانی لەمەدا بشکێت. دوورخستنەوەی ناوبراویش لە لووتکەی عەرەبی لە بەغدا بە تۆمەتی تێوەگلان لە کوشتن و کاری تیرۆریستی، بە سەرکەوتن دەبینن. ئەمەیش لە ڕۆژانی ئاییندەدا بەڕووی ئاڵۆزبوونی زیاتردا

کراوەیە، بەتایبەت کە هەندێك لە شیعەکان لەگەڵ دۆسیەی تر تێکەڵی دەکەن و باس لەوە دەکەن هەواڵگریی تورکیا و سامان و پارەی وڵاتانی کەنداو لە هەڵبژاردنی 2025ی عێراقدا ئامادەییان دەبێت. ئامانجەکەیش دووبارەکردنەوەی ئەزموونی سووریایە لە عێراق بە کەڵکوەرگرتن لە لاوازیی ڕۆڵ و پێگەی ئێران[23]. بۆ سوودانی قورسە ببێتە لەمپەر لە بەردەم میوانێکی لووتکەی عەرەبی لە بەغدا، لە کاتێکدا پشتیوانیی تورکیا و کەنداوی هەیە. لە ئێستایشدا عێراق پێویستیی زۆری بەو وڵاتانە هەیە بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییی ئێرانی و، بەتایبەت سوودانی چاوی لە هاوکاریی تورکیا و کەنداوە لە دۆسیەی وزە و بەپایەگەیاندنی "ڕێگەی گەشە".

ئەو هێزە شیعانەی کە دژی هاتنی شەرعن، باس لەوە دەکەن ناوبراو لە عێراقدا بە ناوی "ئەمجەد مزەفەر نعێمی" کاری کردووە و لە 2005 لەلایەن ئەمریکییەکانەوە دەستگیر کراوە و تا نیسانی 2010 لە گرتووخانەی بوکا بووە. لەم ڕێکەوتەیشەوە تا ئاداری 2011 لە گرتووخانەکانی عێراقدا ماوەتەوە و داوا کراوە، بەڵام ئەو بەڵگەنامانەی بەردەست، ئەوە دەردەخەن ناوبراو دواتر ئازاد کراوە "چونکە هیچ لایەنێکی عێراقی، بەڵگە و داوای لەسەری نەبووە". هەروەها شەرعیش جەخت لەوە دەکاتەوە بۆ "جیهادکردن لە دژی ئەمریکا" هاتووەتە عێراق و لە هیچ خوێنێکی عێراقیدا تێوەگلاو نییە [24]. دەشێت ئەمەیش ببێتە پاساو بۆ هاتنەکەی یان لە کۆتاییدا بەناچاری وەك سەرۆکێکی خاوەن پارێزبەندی (الحصانة) بێتە عێراق و، سوودانی دەرچەی یاسایی بۆ بدۆزێتەوە، بەڵام ئەو باجەی لەسەر ئەمە لە شەقامی شیعیدا دەیدات، جێگەی مشتومڕە، چونکە ئەو سوننانەی هانی دەدەن بۆ ئەم هەنگاوە، بەشێك نین لە بنکە شیعییەکە و نابنە دەنگدەری سوودانی.

**کۆبەند**

هەڵبژاردنی تشرینی دووەمی 2025 یەکێك لە هەستیارترین وێستگە سیاسییەکانی عێراقە کە جارێکی دی لەنێو جەنجاڵی و فرەجەمسەرییەکی قەرەباڵغدا سەرلەنوێ نەخشەی هێز دابەش دەکاتەوە. بەهۆی ئەوەیشی ئەم پرۆسەیە لە دۆخێکی سیاسیی هەرێمایەتیی تایبەتدا بەڕێوە دەچێت کە بارگۆڕانە جیۆسیاسییەکانی ناوچەکەیە لە سووریا و لوبنان و یەمەن، بۆ ماڵی شیعی کەمێك دژوارە، چونکە لە لایەك ڕاگرەکەیان، کە ئێرانە، لاوازە و لە لایەکی دی خۆیشیان پەرتەوازەن. هەروەها ناچارن مامەڵە لەگەڵ پێشهاتەکانی پەیوەندیی ئەمریکا_ ئیسرائیل و ئێران، هەروەها سووریای نوێی سوننیدا بکەن، لە کاتێکدا ئەوان خۆیان لەنێو کەشێکی پڕ لە دروشمبازی و پۆپۆلیزمی سیاسیدان. جەمسەرێکی سەرەکییشیان کە سەدرە، مانی گرتووە و لەگەڵیان بەشدار نییە. ئەم دۆخەیش یارمەتیدەر نییە بۆ ئەوەی بتوانن هاوشێوەی جاران بڕیاری خۆیان یەك بخەن و بەهێز و یەکگرتوو دەرکەون. ئەم دۆخەی ماڵی شیعەیش بۆ هێزە سیاسییە ڕکابەرەکانیان لە پێکهاتەکانی سوننە و کورد هەندێك دەرفەت دەڕەخسێنێت، بە مەرجێك ئەوانیش توانای بەڕێوەبردنی ململانێیان هەبێت و گیرۆدەی هەمان پەرتەوازەیی قووڵی گۆڕەپانی شیعی نەبن و؛ ئەوەیش لە بارودۆخی هەڵبژاردندا ئاسان نییە.

**سەرچاوە و پەراوێزەکان:**


[1] https://2h.ae/yHjG

[2] https://2h.ae/cunm

https://2h.ae/gfur [3]

https://2h.ae/YOoo [4]

https://2h.ae/YOoo [5]

https://2h.ae/uAvW [6]

https://2h.ae/nfPR [7]

https://2h.ae/jkLy [8]

https://2h.ae/XwUf [9]

https://2h.ae/nFqK [10]

https://2h.ae/Anir [11]

https://2h.ae/QilB [12]

https://2h.ae/aDJD [13]

https://2h.ae/UbMS [14]

https://2h.ae/tbNW [15]

https://2h.ae/vEOk [16]

https://2h.ae/Tsox [17]

https://2h.ae/FaiR [18]

https://2h.ae/LwKW [19]

https://2h.ae/jXqB [20]

https://2h.ae/Hysy [21]

https://2h.ae/jXqB [22]

https://2h.ae/Gxco [23]

https://2h.ae/IAAF [24]